# قاڵییەک دەناسم
# لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە

رەزا عەلیپوور

ناوی کتێب: قاڵییەک دەناسم لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە
نووسینی: ڕەزا عەلی‌پوور
بەرگ و چنین: لوقمان ڕەشیدی
چاپی یەکەم
ژمارەی سپاردن:

# بەیاننامە بە دوو مانا

# بەیاننامە بە دوو مانا

مورەبەعێ دابنێ،
لە سەری دانیشە
بیر لە لۆرکا بکەرەوە؛
ئیسپانیا
یانی
گا!

■

ناترسم لەم دێڕەدا کە وشەکانم دابکەنم
پاڵتاوەکەم

بەحەرفێکەوە کەوایە هەڵواسم
کڵاوێ - کە |نیتە- بیکەمە سەر نوقتەیەک
«ئەوپەڕەکەی مردنم دالێکە راخراو»
یان ئێوارەکان لە نوونێکدا
گیرفانی کراسەکەم، قووڵتر بشۆم.
ئەگەر وا بوو
کەسێک دەستی من درێژە بات
خۆشێکی پیا بدەن
باوکم لەوەسەتی پیرییەکانیا دائەنیشێ
ئیدامەی خوتووتی
-وەک ئێوە-
پیاوێکم
لە هاشووری پرخەکانیا دائەنیشێ و
سێبەرەکان، وەنەوز ئەدا:
«شتێکی قاڵیتر لە ژن و نیوەژن نەخەوتووم
خۆشێکم پیا بدەن
تۆ بڵێی ئیدامەی دەستی من بگاتە خەتی کێ؟»

■

ڕێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن
سەرقاڵییەک بۆ نەخەوتن
گریمان نیشتمان گەورەترین سەندەڵی بێت
من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن
وەک ئەوەیە سەندەڵییەک خاپوورم کا،
ئەی سەندەڵی
دا منیشێنە!
بە نوقتەیەکم بسپێرە
یان لە پەڕانتزێکی سیاسیدا
کە دنیا ئەوەندە و ئەسڵەنە
چۆن بڵێم
زەوی زەرووڕەتێ گرد بوو
تۆپ
مونتەزری فڕێ دانە!

■

مورەبەعێ دابنێ

له‌سه‌ری دانیشه
بیرله لۆرکا بکه‌ره‌وه
ئیسپانیا یانی گا،
به‌و بارا، فه‌لسه‌فه
هه‌ر سێکتان.

دیڕێک له ده‌سته‌کانته‌وه ئاڵێنه
خوا هێشتا
نیشته‌جێی ئاسمانی خۆش ئه‌وێ
ئاسمان له‌سه‌ر تاقه‌که‌دایه
یان سه‌ربان!

ئه‌کرێ موکه‌عه‌بێک دابنێی
له‌سه‌ری بوه‌ستی
ئێستا دیڕێک له ملته‌وه بئاڵێنه
به‌مردن خۆ ده‌ستت
خۆ ده‌ستت به‌مردن که ئه‌گا؛

تاقەکە چی تیایە؟ هیچ!
نوقتە سەری خەت!

من ئەڵێم هەتاو ئەخلاقێکی کۆنتریشە
کە خەونەکانم ئەڕووشێ و
ئەستێرە زەرەرێکە خوا کردوویە!
■
ناترسم لەم دێڕەدا کەوشەکانم دابکەنم
مناڵیم لە پێ بکەم و
ڕۆژەکانم هەڕا بکەم:
شەوێک بوو
یان دەقیقەیەک
حەجمێکی گرینۆک لە دنیاوە تلام،
ئەم پاییزە دابەزێنە
فڕۆکەکان بەهێندەسەی مناڵیما
دێن و دەچم
کێ منی سواری هەنگاوەکانم کرد؟ کەس!

کێ ئێوەو دایەرەی نووسییە چاوەوە؟ ....

■

خوشکم دەڵێ:
«بووکۆکە ماڵەکەم
جلە جوانەکانت بگری».

ئاسمان خۆی لەسەر تاقەکەمان ئەسوێ،
حەوشە دیوارەکانی خۆش ناوێ
ئەبێ جارێتر
پلیکانەکان بخەوم
یان بگریم
تا پشیلەیەک لە زەینما بپشکوێ
حەوشە دیوارەکانی خۆش ناوێ، نەیەوێ
باخچە، فرووغی گرتبوو.

■

ناوێکم پێویستە
عەدەدێک

تیایا وەنەوز بەم
شیمانەیەکم لازمە
تا تیایا هەڕاکەم
بە دنیاوە ئەوەرم
لەخۆما شیمانەی بەڵایەک چۆڵ ئەکەم
ئێوارە پێشێلی هیچمەکا و
هاوسێکان من ئەمرم
موڕەبەعێ دابنێن
لەسەری قاتی بم
موڕەبەعێک لەم شیعرەدا
هەڵئەتەکێت
قاش ئەکرێت و
بوومەجادە
موڕەبەعێک چارەنووسی ئێمە بێت و
بۆ هەرچی بێ مونتەزرە،
بەروپشتێک، تاکۆتایی
دنیا ئەڕژێ.

ئەم پاییزە دابەزێنە
لەم ئێوارە پیادە ئەبم
کە دنیا ئەوەندەو ئەسڵەنە!

■

بەجانتاکەتەوە،
پاییزێک جاری بووی
لە بیرت چوو
دنیا و دەوروبەرەکانی پێوەبەی
«پەنجەرەکان هەڕا بکە
لا ئەقەل رێگاکان لە نوقما پێوەبە
پاڵ بە نوقتەیەکەوە
لازمە ئەم دنیا بگرییەیت».
[وا بزانن من رەزا
باوەڕکەن ماندوو بووم
ئەوەندە شاعیرم].

ترس ئەڵێ: کە مردن بە تەنافێکەوە

یان دێڕێ لەو چەشنە
لەگەڵ جلەکانیشم ئاوێزانە،
بڕێجار ئەڕژێتە مشتێ حوب
:«بڕێجار لە فنجانێکدا
خەست و خۆڵ
خول ئەخۆم
سێبەرت لە نێوان موبلەکاندا
پاییزیش لۆچ ئەبێ».

لازمە دانیشتن دانیشیت
کە مردن لە تۆدا بەروپشت خەوی دێ!
■
:کوڕەکە!
-بڕێجار «کوڕەکە»م
بڕێجار تا کسییەک بە شارا
لە بەرچی بە شارا ژنێکی لێ تەنگە!
لەم نامە نووسینە بێگومان

میوەیەکی سێ لەسێو
سێ لە چوار
ڕۆژنامە بە خوێنما، دێڕێ‌تر
-بڕێجار ڕۆژنامە و ژەهرەمار-
دێڕێ‌تر ڕوو‌ئەدا.
لازمە پاڵ بە نوقتەیەکی واوە بدەم
ئەگینا ئەگەمە
«ئەوەتا»ی دەورووبەر.

■

[من پارکی تەقریبەن ١٩٧٢ ژنێکم دەزانی
سەرتاپا سوورێکی شە هوانی کە من بم لەبەردا،
کە دەڕۆی، شۆستەکان تا ئەولای کووچەکە وەشوێنی دەکەوتین،
کتوپڕ زرەزڕ... درگاکە و... دەکرامەوە،
ڕووت ئەبووەوە لە هەمبەر تەمەن و باڵایا
ئەی خۆزگە نەک قاڵی پیاو ئەبووم،
ئێستاکەش عەزیەتی خەیاڵم کە دەکەم نایبینم
نەک کاشی یان حەمام،

ئاوێنەش بم چیم لە دەس دێ؟]

دەستی من بڕێجار عەینەن خۆی
ئەگینا تا قاری قیامەت ئەمردم.

■

ئاپارتمان چۆن ئەگاتە سەربانی خۆی
کڵاوەکان کە نیمانە
تووڕ ئەداتە سەر خیابان
ئەی خیابان چۆن دەسیەگا بەو سەری ... کام؟
ئەو هینانەش گرێ ئەخۆین بە ناویەکدا.
خۆ ئەزانم باران تەنیا
لەخۆی و خۆی پیادە ئەبێ.
ئەگەر بڵێم باران!
ڕۆمانتیکە
ئەگەر نەڵێم ئاپارتمان،
قەتارەکان جێم ئەهێڵن
بەشوێنما مەگەڕێن

نموونە لە قاچم ئێنمەوە
لە هەرکوێ راوەستام
لەوێدام.

■

کە خیابان تەئید ئەکەم

***

کە ئاپارتمان بۆم ناسەلمێ

***

زەوی بڕوا بەوەسەتی هەناسەما
حاڵی نابم لەم ئێڕ و دێڕانە
لەکەوشەکانمەوە دەسپێدەکەم
نزیکترین،
گۆرەوییەکان
گرانترین
نیشتمانمە،
قاڵییەک دەناسم
لە هەرچی گوڵیەتی ماندووە.

■

کۆلۆانەیەک پڕە لە دین
کۆلۆانەیەک بە نوێژەکانییەوە مەجبوورە.
: ئەوەندە ئاومان لە درەختەکەدا ناشت
کە مردن بە درێژاییشدا
بەرەو سەر
دایکمی دەگریاند،
هەمیشە دەستی خۆی
ئەخاتە بەر دۆعا
خوشکم فرۆکەکان هەڕا دەکا
دایکم بەرماڵەکەی پڕە لە دین
بەر ماڵەکەی
سەکۆیەک ئەم پاییز
ئەو پاییز دانیشم
کەمێ درەخت لە چاومایە
دانیشم
بڕژێمە چاوی خۆم

پاییزە و سەوزایی هاوسێکەم
بە ژووری پیاوێکا ئەوەرێ.
سەیزادە!
ئێستاکەش کوڕەکەم
کووچە نا،
دوو سیگار ئەولاتر شوو ئەکا،

کۆڵوانەکەی پڕە لە دین
هەمیشە دەستی خۆی
دایکی من
ئەباتە بەر دۆعا!
■
تا کوێ دەرەوەم؟
پیاو،
باران و باڵندە
تێک ئەدەم
پەنابەر خۆی تەرجومەی

ئێرایەک ترئەکەمەوە
من دڵم یان بە هولەندەوەیە
فیکر ئەکەمەوە نەرمە
نازانم لەبەر چیم
هەمیشە لە حەجمی ژنێکا
یان بەولای ئەوەتا
تا کسییەک بە شارا ژنێکی لێ تەنگە
کە حەزم پێوەیەم
یان دڵم بە ئیسپانیاوەیە
فیکر ئەکەمەوە
لە عەیبا بۆ بەستن
درگاکان دائەخرێن.

■

دایکم ئەبێ بەعەسرەکانیا بگری
شەوبۆ-کان
لە گریانەکانیا
لە هێندەسە سادەکەیا مونتەزرن

[ئەبێ بگری بە هەناسەی میوانێکی عەسرانەیا]:
فاتمە خانم!
برێجار ئەمەوێ لە رەزا ما بمرم
ئەخوازم بە نوغرۆی بم
چی ئەکەی گیان بەردە،
[بە خوێنما هاتوو چووی هەناسەی دەگەڕێ]
خەون ئەبینم
خەوم دیوە بە کەما قالاویان دائەکوتا
پێمیەوت:
ئەتوانی لە هەروایەک بیر کەیتەوە
کە زەویی سووڕاندۆتە گورگێک
گورگی رژاندۆتە نەختێک
بە قورئان قالاویان دائەکوتا.

ئەی رێگە!
وێڕای هەموو ئەو شیعرانەی
رەنگاودەنگی هەڵمکەندوون

هەر هەمووتان
وا هەست ئەکەم یانێک رووبدا
یان یانێک
شتێک لە جنسی «ئەمریکا»
«یا رەبەلعالەمین»
«کەوشەکانم»
«وێڕای هەموو ئەو شیعرانەی من چوزانم»
وا هەست ئەکەم
ئەبێ کێوێک رووبدا

:[سەرباز! کێو لە کوێدا رووی‌دا؟].

لەم نامە نووسینە،
بێگومان میوەیەکی سێ لە سێو
سێ لە چوار
سێوروو با
یان نەدا

ئەم خەتانە لە شوێنێکی هاوسێکانما کۆ ئەبنەوە.
ئەی باڵندە
لەم قسانە دەست هەڵناگرم
تا دەسم نەڕۆم و لە دەس بەم؛
قسەی من بڕێجار ژنێکە.

■

کە خیابان تەئید ئەکەم.

***

کە دانیشتنەکان بۆم ناسەلمێ.

***

لۆرکا کەمە؛ جۆیسیش بەشی ئێراناکات
جۆیس ئەمپرسێ پشیلە چییە؟
زەوی خرتە، بەڵام تا کوێ؟
زەوی خرتە،
بە درێژی باسیەکەین!

■

لە یەکەوە تا من بژمێرە

تۆیش ئەزانی چەنێ کەمم؟
لە بیرم بێ کە خەوتم
دەستەکانم بکوژێنمەوە
جار بەجار بنمیچی ژوورەکەم بژمێرم
-ژوورەکەم پڕیەتی لە ژماردن-
کچەکان زوو هەڵکەم
گەلاوێژ پێم ئەڵێ:
نامروەت دەستێک بێنە بە خەیاڵما
کەوشەکانم بە هەدەرەوە بەفریون،
: پەپوولە بەختی قژتەوە ئەنیشێ
گیانی گیا
لەکوێدا بینووسم هەڵنەفڕێ!؟
پێم وابێ بیناسن،
گەلاوێژ هەر هەمان عوبووری تەیرێکە
بە هەس و نیەسما داکوتراو.

* کێوێکمان داکوتا، ئیجاد کرد نیشانەی باران و عەزەمەت
زۆربەیەکمان بەرەو باران هیدایەت کەنەکرد کەنەکرد

[تەڵا خانم!
تۆبی و قورعان بارانم کە!
کفرم کرد و بووم بە دیوار]
ئەمەیە قودرەتی ئەو گەشتی خوێنانەی بۆ ئێمە
بڕۆن بەشوێن هەتاوێکدا کە بە پیاوەوە دەگرێ یا ایهالموئەنەس
هەڵبگەڕێن بە ناخی خۆتانا تا خەونی جەغزەکان، یا ایهالموسەلەس
کە ئاسمان زارێکی پێویست بوو، بە ناوی خۆرەتاو
کەخۆر، پاڵێکی پێویست بوو، بە ناوی خۆرهەڵات
کە زەوی قژێکی پێویست بوو لە جنسی گیا... *
جاربەجار هاوسێکەم
-گیانی گیا تۆ ئەڵێم-
یان سەوزێک را ئەکا
من ئەڵێم سەیزادە
تۆ بیت و ئەوێکەت
منبم و ئێرەکەم
لە خۆتا بەم بارا، بەو بارا
هێشتا هەر« کوڕەکە»م

لە گۆشەی شەوێکتا دامبنێ
-: دامبنێ هێندەسە و گۆرەوییەکانم بشۆم
جار بەجار بنمیچی ژوورەکەت بژمێرم
با دایکم لە حەزی هینێکا،
گوناح کەم
نازانێ کوڕەکەی لە هینی هاوسێکەی قاتییە...
: ئەزانم قاتییە بە سەوزو فڵانی.
-: فڵانی!
لە خۆتا بەروپشت پیاوم کە.

■

وا بزانن من باران
باوەڕکەنماندوو بووم
ئەوەندە لە دەس ئاو هەڵاتم
ئەقەلەن ماندوو بووم
ئەوەندە لە شێعر و لە مێعرا راوەستام
ماسییەکان، هاوتەریب ئەگریان
: بمبڕن، بمکوژن

ئه‌وه‌نده جیا له خوێن
له په‌نای مردنا راکشام
بیست لۆرکا هه‌ریانی ئیسپانیا.
[ته‌ڵا خانم!
بارانم که‌]
که لۆرکا شوێنێکه
ئیسپانیا خوێنێکه
له چه‌شنی سووڕانی
تۆ بڵێی هه‌روایه‌ک
ئه‌م دنیا رائه‌کا،
نازانم چوارێکم پێبده‌ن
چۆ ناوچۆن
له کوێدا چیی لێکه‌م چاره‌نووس؟
به‌ڵام تۆ
یه‌کی‌یه‌ک!
ئه‌زانم؟
بێگومان ٤× په‌نج ه‌ره

بیست لۆرکا هەریانی ئیسپانیا

«زۆر مەمنوون چاکە شوکور
جار بەجار هەناسە لە ناخما
داربییەک روو ئەدا،
ئەگینا تا قاری قیامەت
تا قاری قیامەت
پاییزی هاوسێکەم ئەمردم».

■

سەرەتا دانیشتن بۆ ماشین دامەزرا
غەریبی لە ئەسڵا
بۆ نامە داهێنرا،
رێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن
یان ماشینێک بۆ دابەزین.
تۆ وتت: برێ دار سەوز ئەبن بۆ ئەوەی سەوز ئەبن
من وتم: برێ با- بایان دێ بۆ ئەوەی با- یان بێ
: شاعیری؟

: ...خۆت جوانی.

:: بەیانی ساعەتی هەر ئێرە و...

...........

من ئەڵێم: بڕێ وا وایان دێ، بۆ ئەوەی وا یان بێ!

تۆ ئەڵێی: (هیچ ناڵێی)

من بۆ تۆ نابمە پیاو خواحافیز.

■

«بووکۆکەماڵەکەم!

جلە جوانەکانت لەبەرکە،

پڕی ئەکەم لە ئاماژە»

دایکم دەبێ بزریکێنێ

بەو هەراسەی لە فڕۆکەکانەوە...

وا هەست ئەکەم

شتێکم لە مناڵیما چەترە

ئەگەر باران بە مەرگەوە پیادە بووبێ

ئێستاکەش هەراسی خوشکەکەم

بەقژەکانییەوە
هەر درێژەو ئەزریکێ:
«پڕی ئەکەم لە ئاماژە»
واجبە ئەم دێڕە پڕ بکەم لە حەجمی شەڕەکان
براکەم
حەتمەن بە تەقە و خۆیەوە دەخەوت
من هێشتا بە لۆرکاوە نەخەوتبووم
تا من و خوشکەکەم تێبگەین
دیسانیش ئەو هەموو ساڵانە
باخچەکەمان فرووغی گرتووە.
باوکم ئەڵێ: رۆژنامە کەی پیاوە!؟
دایکم ئەیوت: خوا گەورەیە
خەوم دیوە قاڵاویان دائەکوتا،
(چاییەکەتان)
رژابوونە شوێنێکەوە
رەش و مەحشەر...

شەوێکە و ئاسمانێ سەقزی
خشەخش لە تاقەکەوە
هەواڵێ ئەتکایە
تاریکی و بەیانیان.

کوا کاکەم؟
برینەکان بەری نەگرت!
چاوم ئەڵێ        ئەم پاییزە
دایکم کراسێ رەش ئەگرێ،
پڕی ئەکەم لە ئاماژە.
جا توخوا رۆژنامە کەی پیاوە:
رادوێکەم وەسەتی دنیایە!
■
مورەبەعێ دابنێم،
لە سەری دانیشم
بیر لە ئەونە بکەمەوە
پشیلەیەک بە هەرچی تووشیەوە لە زەینما بپشکوێ

موڕەبەع تاقەتی چوارگۆشەی نەمێنێ        نەمێنێ
بەدەرەک
ئێوە خۆش
باوەڕکەن، تەرجومەی هیچتان نیم
ئەگینا تا مردن، ئەمردم!

مردن: «بڕێجار لە فنجانێکدا
خەست و خۆڵ
خول ئەخۆم
سێبەرت لە نێوان موبلەکاندا
پاییزیش لۆچ ئەبێ
فنجانێک ئەڕژێتە حەوسەڵەی هەناسەت
دێڕێک نییە گردەواری دابەشم بە دوو کات
کات!
دەستان خۆش، ئەمجارە چاک مردیت».

هەموو جار موسەلەس لە دەنگی سەعاتا ساف ئەبێ

تۆ ئەمریت،    تۆ مردوویت،    تۆ بمرە
من ئەڵێم دۆعاکە موسەلەس لە کاتی مردنما چوار گۆشەس
ئەگینا بەفریای زیندەگی
کە ئەخۆم
فنجانێک چوار گۆش و
خول ئەخۆم
ئێمە خوش
مەستاو وا دوو ئەڵێم، ئەو رۆژەی سفرێکم دانەخست لە نێوان ٨ێکت و
کرۆشەی باڵی خۆم کە هۆشی پێمەوە
هەمیشەش پێویستە بۆ هەرگیز...
برێجار دانیشتووی
هێندەسەو بیانووت لە جنسی پرتەقاڵ ئەگرت و
گازێکت لە زەین و خاترەی سێوێکا جێ ئەهێشت
کە زەویش چوار گۆشە و
ئەم فنجانەش    بەسلامەتی    رێگایەک پێوەمدا
-بچمە سەر تەنیاییم-
مناڵ نوقتەیەکی گرینۆکە

دواترە کە دەبم بە هاشوور بۆ گیانی خیابان
-من ئەموت ماسییەکان هاو تەریب ئەگریان-
ئەگینا بڕێ وا وایان دێ
بۆ ئەوەی وایان دێ
ڕاستی چۆن پارەکە پارکێکم تیا بکەی
بە ناگەهان بێتاقەتیی مسافریش هەر درەختە
دەرختێک لە جنسی درەخت و پەخمەیی
جۆیس ئەپرسم پشیلە چییە؟
پشیلەیەک کە نیمە
تا لە ئێوارەیەکدا مەوازییەکانی
بەسڵامەتی،
هەموو جیهان هێق کەمەوە.
جۆیس ئەمپرسێ پشیلە چییە؟
هەر وەک چۆن کەوشەکەم
لە پژمەی پیاوێکی پیر ئەچێ و
ناوەستێ و ئەدڕیێ!

■

ئەمەوێ پردم
ئەمەوێ داربییەکی بەشیددەت مەوازیم.
: ئەی پیاوی موبتەلا
کچێک بە ناختا سقووت ئەکا
تەسادفێک پیاتا باڵ لێ ئەدا
شیمانەیەک لە شوێنێکا بە پەلامار چۆڵت ئەکا
ئامادەی خوتووتی دەستت بە
کە زەوی تاقانە خەتێک بوو مرۆڤی تیا نووسرا
نوقتە سەری خەت!

کێ منی سواری هەنگاوەکانم کرد؟
ئەوەندە لە باڵندەی مساویدا قەدەم ئەفڕم
ئەم برۆ باڵندە ئاسایەم
لە سێبەری
-کلاسیک وەک دەڵێ-
درەختی قژما
نیشتووەتەوە.

باوەڕکەن هەموو ئەو دێڕانەی دابەزیوم
بڕێکیان نوقتەیەک ژیاوم
بڕێکیان ئەترسم!

لە نێوان خۆمانا دانیشتووین
هاوسێکان من ئەمرم
لەم شیعرا
بەروپشت ئەکوژرێم
ئێستاکە کفنم کەن.
هەناسەم پێم ئەڵێ:
پەپوولە جێی چی تیا ئەبێتەوە؟

مەبەستم لە درەخت سەوزێکە
لە زەینتا
زەرد ئەبێ
بەیانیان فنجانێک لە پاییز

ئەڕژێتە هەناسەت
یان من بووم: درەختێک فێر نابم
هەتاکوو لە چاوما
سەوزایی هاوسێکەم زەرد ئەبێ.

فەلسەفە بەمبارا ئەمنووسی:
دیتن یانی کۆکردنەوەی مەودا
دانانی شتەکان لەوێ
لە جێی خۆی
یانی تۆکماندنی مەودا
یا خۆ هەڵبەستنی نوتفەی زەڕڕە
کردنی بە دووکان
بە هەڵم
کاروانچی، یان وشە،
دیتن یانی دیتنی ئەیوا
نەدیتنی نە ئەوێ نە ئێرا
نە دیتنی دنیا

بۆ دیتنی کێ بەکێیە دنیا
ئەتوانن لە کوێرێ بپرسن.

■

سێوێکی لە زەرفەکە دزی:
«حەز ئەکەم دادە هەنار بمرێتەوە و...».
هەڵاتە ئاودەستەکەوە:
«جەزای هاوسێمان
پەلکەکانم
قەیناکا بە عەیبێک...»
نیوەییت خواردبوو:
«هەر نەبێ شووئەکەم بە شەونم
بەس نییە جگەرە لە کاکەی ئەدزێت و
دووکەڵیش ئەکاتە ناو قژو دەمی منیشەوە»
دایکت ئەڵێ:
ئەگەر مردم بمخەن بەلادا
«یا خوا بمرێت و
دیسانیش دادە هەنار...».

خەمت نەبێ
کە شێت بم ئەنووسم:
نەوت ئەکەمە ئیسترابی ئەم چرایەوە
کەوشەکانم بکوژێنەوە
با لە سەر قسەی خۆم بوەستم
لە ناخیا بخەوم
قسەی من کچێکە
هاوسێمان؟ نەبەخوا
ژوورێکمان پێویستە یەک تەختە.
■
دانیشم
هێندەسە و گۆرەوییەکانم بشۆم
باوەڕکەن تەرجومەی هیچتان نیم
پەنابەر خۆی تەرجومەی
سەرقاڵییەکتر
وەک موسیبەت

یان پەنجەرە ئەکاتەوە.
لەگەڵ کەسا شۆخیم نییە
بێجگە کچ
ئەویش هەر سێ لە سەوز
-تەختێکمان پێویستە-
پێی ئەڵێم
کچەکە لە خۆتا پیاوم ک...ک
ژنەکە!:
«پڕم دەکەن لە خراپێ
ئەتلێمەوە بەخەڵتانێ
ئای لەمنی فالۆێرانێ».
کتوپڕ
بیابان لە باڵما خیابان ئەخولێتەوە
ئەی مەگەر پاسەبان
وشتر و سەگێکی لە قۆڵما کەلەبچە
ئەی بۆچی کاروانێ لە گورگ و ئیستراب
دیسانیش لە خوێنما ئەم چییە رائەکا؛؟

-خەمت نەبێ
نەوت ئەکەمە ئیسترابی ئەم چرایەوە-
پۆلیس گیان
لە درێژەی باوکمدا
بمبەسە بەو دێڕی چیرۆکەی
کە هەڵدێن دزەکان
لە درێژەی باوکمدا
بمبەخشە بە حاشیە و هاشووری خیابان.
فلانی!
لەخۆتا بەروپشت پیاومکە!

■

«بووکۆکە ماڵەکەم
قژە جوانەکانت بمرە»
مناڵیم لە تاقەکەدا شکا،
مەدرەسە لە هەنگاوەکانم دەئاڵێ
لەم حەوشەیە
فرسەتی چنارێک

هەڵئەکا
کێ منی سواری هەنگاوەکانم کرد
پیرەکان، لە خۆیان دابەزین
تۆپێک لە منالّیما نایلۆنە و نایلۆنە و
لەو نایلۆنەی خەت خەتا بوو
کۆلان لەپاتۆڵ و کۆتەکەم داتەکێنم
مەدرەسە
لە هەنگاوەکانم دەئالێ
قەرار نەبوو
شەو بەمنا خالّییەک بێ یەک تەرەفە!
■
ژنێک من ماچ ئەکا
دایکم دنیا دەزریکێنێ
زەوی چشوێنێکی بەجێیە بۆ هاوسێ؛

دایە!
ئێوارەیەک دەستەکانت

سەر سەکۆیەک
بۆ ئینتزار قوفڵ ئەکا، من ئەگریم
پاییزەیەک رووسەرییەکەت بە رەشەوە داگیر ئەکا

: کێ نیشتمانی لە حیفزە؟
ئەی کێی‌تر کوڕەکەی بە تەقە و خۆیەوە مردووە؟
گریمان نیشتمان گەورەترین سەندەڵی بێت
من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن؛؟
«کەسێ ئەڵێ:
نیشتمان کڵاوێک بوو
پڕ بە سەری شەهیدەکان!
کەسێک ئەیوت:
لێرەوە تا مردن جگەرەیەکە
لێرەوە تا نیشتمان هەناسەیەک،
هەزار جاریش من ئەیکێشم.
ئەویش ئەڵێ:
بەرد لازمە تا کەسێ هەناسەی پێ تەحوێڵ با

نیشتمان پێویستە،
تا کەسێ بیفرۆشێ.
منیش ئەڵێم (هیچ ناڵێم) ».
■
خانمێ دێت.
ئەم قەنەفە نەرمت ئەکا
ئەم قەنەفە
لێم عاشقی عەیبەکانتە
مەوازبی عەیبەکانتم
لە تۆدا
گشت گیانم ئەیەویست بارانێ دابکا،
مردن لەمن
دەستێ بێنە بە کەمەرتا
زەوی بووە گۆڕستانی شاعیرەکان
دەستێ بێنە بە کەمەرتا
خەمت نەبێ، مردن لەمن!
هەوڵئەدەم ژنێکی ناگرنگ

بسپێرمە باوێشکی پشیلەکەم
پێی ئەڵێم خواحافیز
من بۆ تۆ نابمە پیاو
خواحافیز، من بۆ تۆ نابمە میاو
باوەڕم پێمەکە لە خاترەکانمەوە هەمیشە و پێویست بیت
درۆ ئەکەم ئەگەر بڵێم
بنەماڵە گرێیەکە بەمن و تۆ ناکرێتەوە
من حازرم پەنجەرە بم
ئەگەر جارێ دەستەکانم
بە پەردەییتا هەڵواسم

«وەڵلاهی ئەگەر تۆم
دوو دەری و پەنجەرە ببوایێ
شیری حەوبرام لەسەر گەردنێ ماتڵ بێ
دووماچان وەردەگرم
لە زەردە گۆنایێ
بە تۆ ئەمام

ئەگەر دنیام بەخۆیەوە لێ قاتڵ بێ
های لەمنێ تا هەتایێ
وای لە تۆیێ بێ وەفایێ»

لەیەکەوە تا من بژمێرە
بەتۆدا پەتوویەک پیاتا بەم
بێ پەردەو بە سووکی     پێت ئەڵێم
کەمێک سپییاییەکان لا ئەیەم
نیشتە جێی سوورێک بە
کێ دەزانێ     رەنگە قەدەر
بۆ پەتوویەکتر
هێندەسەی ناو لەپت نووسرابێ،   ها؛؟
■
لەبیرم بێ کە خەوتم
دەستەکانم بکوژێنمەوە
لە ئینتهای خەونەکانما
کچەکان زوو هەڵکەم

نەمزانی کەوتبووم:
بڕێجار هەڵئەسم بۆ ئەوەی بخەوم!
کەچی هێشتا دەریاچەکان پڕن لە ئاو
ئەم دنیا لا ئەیەم
ئەگینا دەستی من با یەکە
بەرد ئەبێ لە خۆیا
تنتەتنت- کەزەویش بەردێکە و
رابکا
لە زمنا ماسیگر پێم ئەڵێ:
ئاغەی شاعیر
دەریاچەکان پڕن لە نان؛
من ئەڵێم
تۆ بۆ من نابییە پیاو
لانیکەم ماسییەکان مەوازی دەگریان!

«رۆژێ شوان وتی گورگ
وتی گورگ

وتی گورگ
گورگ وتی بێخەیاڵ
کەلاس دوو گشتیم خوارد
ڕۆژێ شوان وتی گورگ
وتی گورگ
گورگ وتی...
(چی بڵێ لەگەڵ کەر!)

کۆمەڵناس ئەینووسی:
گورگ،
گورگە و پات ئەبێتەوە
یان با بڵێم:
گورگ عادەتێ کەڵەگەتە
من نەخۆشینێکی سێ لە سەوز»

دەستی من بڕێجار عەینەن خۆی
■

سه‌ربازی           که‌ده‌مدا به کۆڵما
گۆرانی؛
فه‌رمانده‌و دڵته‌نگی که ئه‌یدا به‌ده‌مما:
«گه‌لاوێژ کڵاوێ خارجی له سه‌رما
گه‌لاوێژ لیباسێ سه‌ربازی له به‌رما
شه‌وێک ئه‌بم به هێنده‌سه
له سینه‌تا،
شه‌وێک ئه‌بم به مه‌خمه‌سه
شه‌وێک ئه‌بێ ئاوم بکه‌ی
پڕ به‌ره‌زا، قاوم بکه‌ی».
■
:کورسییه‌ک دانیشه
ده‌ستێک
هه‌رچیت لێ خامۆش ئه‌کا
دایکت له‌تێ له یه‌خه‌ی
گریانێکی پێ ئه‌وه‌ستێ و پشتوێنه‌که‌ی پڕ له پاییز
-:تا کوێ ده‌ره‌وه‌م؟

ڕاننده ئەرکێکە لە خۆیا دانیشتووە
ئەتوانیت پەڕانتزێ بۆ ئەم دنیا بکەیتەوە؟
: من باوەڕم بەزۆرشتە
بەڵام چیبکەم
سەراپام و
ئەوانەکان مانایەکتر      بە جادەدا ئەڕۆنەوە
ئەگەر جارێ عەزەمەتی کەوشەکانم فەرامۆش بڕۆم
باوکم           بمبوورن
کاروانچییەک ونکراو بوو
ئێستە زەوی
بەبێ منیش
لە ئەمساڵیا ئەخولێتەوە و
دایکم ئەبێ
سەرسەکۆکەی پیرتر ببێ و
هەناسەکانی بژمێرێ
ئەبێ بگری بەعەکسێکی بێ مسداقا:
«فاتمە خانم

بڕێجار ئەمەوێ بۆ ڕەزام، سەراپا چاوێک بم»
زەوی چ شوێنێکی بەجێیە بۆ هاوسێ!

مەجبوورم کە جادە بێ مەبەستە
ناچارم مانایەک لە پێم بنووسم!

ئەیەویست تاریخ و جوگرافیا وا لێبکا
ئێستە دەستی
فنجانێک ئەلەرزێ
ئەمەوێ خۆم بگوازمەوە
من تەرجومەی دەقاودەقی کام وڵاتم؟
پێم ئەڵێن:
«کورسییەک دانیشە
بەردەمت هەر هەمان نیگەران ئەوەستێ»
بمبەخشن، باوکم
کاروانچییەک نەزانراو بوو
■

:کوڕەکە!
-بڕێجار «کوڕەکە»م
بڕێجار تاکسیەک بە شارا
ژنێکی لێ تەنگە
بڕێجار رۆژنامە و ژەهرەمار
ئەوەندە بە هەرچی مانایە
گوناحم
لە حەزی هینێکما
ئەکەینە ژن و پیاو
:: ژوورێکمان پێویستەیەک تەختە
-ژن و پیاو تەختێکیان لکاندووە پێکەوە:
دووهەنار درێژتر
لەوزییەک گووشراوتر
لە تۆدا بەروپشت خەوم دێ
خەوی من ئەکاتە
ناگەهان بیمارسان!
■

ئەو کەسەی بڕیارە لە ئاپارتمانێکدا بمرێ، بمرێ!
قەتارەکان فێر ئەبم و
دەسگیرانێ
خەونەکانم هەڵدەبژێرێ
ژنەکەم نایەوێ باوەڕکا
ئەم لەتانە چوارەنووسی ئێمەیە و هەر.
باوەڕ فەرموو
لەم هینانە زۆرشت فێر بووم
هەرچی ئەخولێمەوە
لە بیست و ئەونە ساڵیما
خانمێ عەیب و هەناسەکانی جێماوە.
درۆیەکم پێویستە
مامۆستای زەوی و زار پێم ئەقریشکێ:
«ئائەم خەتانە
-کە تۆ نایخوێنی-
وڵاتی کوردە...
زۆری لێ مەڵێ ئەعسابم وردە».

■

فنجانێک ئەمهێنێ
ئەم موبلە دامئەنێ
ساڵانێکە
خۆم حەواڵەی چەن وشەیەک ئەنووسمەوە،
بریا
لە ئاوێنەوە ئەمبیست:
پیاوێک لە ئەودا بەهەشتە.

ئەبێ خیابان
بە درێژی چوارەنووس بنووسێ
کەچی فنجانێک
لە چاویا ئەلەرزێ و
بە تەنیا پیرییەک دەگریێ

پارک بکەوە لە وەسەتی خۆڕاییما
ئەگەر بڵێم باران!

ڕۆمانتیکە
ئەگەر نەڵێم ئاپارتمان
قەتارەکان جێم ئەهێڵن
[تەڵا خانم!
تۆ بیو قورئان بارانم کە!]
پارک بکەوە لە وەسەتی خۆڕاییما
کە دەستم
قەرزاری گوڵێکە خانمێ بەجێماو
[مردنان لە وەسەتەوە
خۆی ئەکوشت
باخچەکەمان تا دنیا ڕێگایە
فرووغی گرتبوو]
پێغەمبەرێ
بە وەسوەسەی گوڵدانێکا
لە ئیسفالّتەوە تێنەپەڕی
تا باسی کەوشەکانم
-کە من تیایا سەوزیش نابم-

لە بازاڕەکانی ئامریکاوە
پڕە لە نەوت
گوڵێکی کراسەکەت
هەرنەوتەو هەرنەوتە و
بەمندا ئەسووتێ
ئەگەر بڵێم باران!
ڕۆمانتیکە
ئەگەر نەڵێم
ئا ئەم وڵاتە وڵاتی کوردە،
مردنان
لە وەسەتەوە،
زەوینێک خۆی ئەکوشت!

مورەبەعێ دابنێ
لەسەری دانیشە
کاروانچی بارمتەی ڕێگایە
کەسێک

گورگەکانی هەڵدایەوە و
ئەمجارە، تاریخ و جوگرافیا روو ئەدا

من منالّی ناوخەونێک بووم
کە ئێستە گرێیەک لە چارەم
کابووسێ ئەنووسێ
ئەبوا لەم خەونە پیادە نەبوایەتم
پەڕانتزێ بۆ ئەم دنیا بکەنەوە
کەچی هێشتا بن بەردەکان
خەڵتانی زۆر شتن
ئێمە ئێوارەکانمان
مونتەزری شەڕێک ئەمرن
مەدرەسە لە شوعارێ
-دیوارێک بوو-
شیعری پێدام
پەڕانتزێ بۆ ئەم ئێرا بکەنەوە
ناولەپم

بدەمە دەست کامە دەنگیان؟
«: هەموو شتێ لە حەجمێکا کۆتایی هات
حەجمێک بە ئەستووریی یەک لاپەڕەی رۆژنامەیەک
: ئەگەر نیشتمانێکم ببێ
ئالاکەی کلاوێکە لە سەرمایە
:کێو پێویستە
تا کەسێ تیا بمرێ
بەرد لازمە،
تا کەسێ هەناسەی پێ تەحوێڵ با»
ئەی حەوسەڵە بەدبەختەکەم
مجبوورم بە تاقەتەوە
ماتڵی هیچێک بم،
باوەڕم پێ مەکە ئەم شیعرە دانیشم.
■
ئەم دێڕانە ئەگێڕمەوە بۆ خانمەکان
ئێمە حینجەی خۆمانین
شەوەکانمان ئەبێتە پرد

کەرەم کەن پیایا بێن
لەبیرم بێ کە خەوتم
لە وەسەتی خەونەکانما
کچەکان زوو هەڵکەم
من بۆ خۆم تا ئێستە
جووتێ کەوش گوڵدانمە
کەچی هەر
تا ئێستە جووتێ کەوش گوڵدانمە.

راننده پێمیەوت: «لە خۆت ودەور بەر دابەزە».
پێی وا بوو خیابان لە ترسا موستەتیل رائەکشێ
نەیزانی من سەرم بۆ نوقتەیەک قەرز کردووە که نییە
لە کوێدا شیعری کەم ئەم نوقتە، نازانم
گرفتی سەرەکی ئەوەیە پیاو حینجەی خۆیەتی
ئەگینا نوقتەیەک دەرفەتی مناڵە لە ژندا و هیچی‌تر.

[: رەخنەی من لەم شیعرە سێ شتە؛

یەکێکیان بۆ رەزا ئەوەندە مردنەو من منە و ئامادە
ئەویشیان بۆ دنیا بەم شیعرە
خۆش ئەدواو عەیبەکان؟]
١-لێم گەڕێ     سەندەڵی حیفزمکا
ئەی سەندەڵی دامنیشێنە
پەنجەرە پڕ بە خۆی هاوار کا
بەمن چی؟

٢-سێ کەسم لەم دنیا خۆش ئەوێ،
یەکێکیان کە خۆم بم، ئەویشیان و ئەویترم لە بیر نییە.
سەرانسەر نە رقم لە جۆیسە و نەلۆرکایەک
کە حەیفە زوو نەمردن
مەنزوورم بەملایە
ئەبوایە نەژیایەن
کە حەیفن بۆ زەوی.
٣-«خزمێکمان قسەیەکی ئەگێڕاوە
-ژن بوو-

لە ڕێگا ئەیگرن، هەر ئەونە».

[من نەزەرم شەش حەوت شتە
ژن شیعرێکی نەنووسراوە (تازە نییە) من ئەینووسم
ئەم شیعرە سێ مانگە خەریکم (خۆشتان بێ)
-: کەوشەکانم بکوژێنەوە
با لەسەر قسەی خۆم بوەستم
قسەی من ژنێکە
هاوسێمان؟
نە بەخوا،
تەختێکمان پێویستە!]
■
بڕێ شیعر وەک ئەمە میزانە
کچەکان ئەکێشێ
کامیان جوانە بەدوای خۆیا
ئەو ئەڵێ: ئەم ڕەخنە،
دووخەتی ببوورن

من ئەڵێم: ئەم بەشە شۆخی بوو،
مەگەر دنیا زۆر جیددییە؟

باوەڕکەن ناترسم
لەم دێڕەدا کەوشەکانم
دابکەنم
دووکەڵی جگەرە
لە پەڕانتزێکی گشتیدا
«ڕێ» بخەم
ئەو پەڕەکەی
مردنم «دال»ێکە بەروپشت
بە هەرچی مانایە و ژێرمانا
بەمبارا پیر ئەبم،
عەکسەکەم          خۆوتم
سەتحێکە بێ مسداق،
با دایکم بەردرگای پیرتر و
هەناسەی بژمێرێ

من حەقمە پرسیارێک ئاراستەی دانیشتن
ئەو کاتەی
کۆڵوانەیەک بە نوێژەکانییەوە مەجبوورە
کۆڵوانەیەک پڕە لە شین.

■

ڕێگایەکم نییە بۆ نەڕۆیشتن
سەرقاڵییەک بۆ نەخەوتن
گریمان نیشتمان...
وەک ئەوەیە سەندەڵییەک خاپوورمکا
ئەی سەندەڵی
داینیشێنە
بە نوقتەیەکم جێ خاڵی بسپێرە
یان لە پەڕانتزێکا
وێڵم کەن
کە دنیا ئەوەندە و ئەسڵەنە
قەرار نەبوو
دەستەکانم بخوێننەوە

نوقتەیەک کافییە بۆ مردن
دایکم هەموو ترسەکانی
لە شوێنێکا هەمار ئەکا و
بەیناو بەین
لەتێکی لە چاویا
ئەسپاردە هاشووری کۆڵۆانە و
لە حەزی بارانا دائەنیشت.

شەوێکەو ئاسمانێ سەقزی
ژنێک لە باران و کوڕەکەیا تەنیشت ئەبێ
نامەوێ ئاسمانێ
یان دەنگێ
بە سەرما بەرزێ بێ
لە تاقەکەوە دەسپێدەکا
وەیشوومەو بزەیەک دائەگرێ
جانتایەک جلەکان رائەخا و
وەسەتی خەیاڵێ بۆن ئەکا: هیم

کەمێتر لەخەمێ دەردێنێ و
عەکسێک و دەستێک و ماچ ئەکا!

هەمیشە کەسێک هەیە ئێوارەکان هەڕا بکا
دیتنەکان پێشێل کا و
بەر لەوەی بزانێ
هەواڵێک لەو زووتر پێی ئەگا
شەوێکەو ئاسمانێ سەقزی
دەنگی رادوێ لێی دەئاڵێ
پەپوولەکان خاڵی دەبن
چاوم ئەڵێ:
ئەم پاییزە دابەزێنە
خەوم دیوە
موسیبەتێ بە دیوارا
خەسار ئەبێ
هێندەسە و بیانووت
لە جنسی پرتەقاڵ ئەگرت و

-پرتەقاڵ کەی بە رەش ئەنووسرێ؟-
گازێکت لە زەین و خاترەی سێوێکا جێ ئەهێشت
پرتەقاڵ کەی بەوەش ئەنووسرێ
کەچی هەر سێوێکیان
لە زەینما پێوەدا.
من ئەڵێم:
هەتاو ئەخلاقێکی کۆنترێشە
کە خەونەکانم ئەڕووشێ و
ئەستێرە زەرەرێکە خوا کردوویە
چاک ئەزانین
مرۆڤ با-ی کرد بە سەردەستی زەوینەوە!

ئێستەش ئەمەوێ رۆژێک بکەمەوە
ژنێکی ناگرنگ
بسپێرمە باوێشکی پشیلەکەم
کام پشیلەیەک
تا لە ئێوارەیەکدا

خەت بەخەت
بیخێشمە فەرامۆش،
ئێوارەیەک کە نایەت
تا پڕی کەم
لە جانتا و زیندەگی،
ئەی جانتا و زیندەگی
خوشحاڵم دوو دەستی شاعیرم،
باوکم ئەڵێ و لە وەسەتی پیرییەکانیا نەخش ئەبێ:
من ئەمرم
تا فاتێحەیەکم بۆ راخەن
: قاڵییەک را ئەخەم،
چەن زەردێک
لە جنسی پاییز و کۆنتریش
لە گوڵ و ریشووەکان دەئاڵێ
چاییەک پێویستە
تا باوکم برژێنمە خاترەم
ژنێکم لازمە

تا ببمە جەحەنەم
خۆشێکم پیا بدەن
شتێکی قاڵیتر لە ژن و نیوەژن نەخەوتووم
ئەو شەوە هاوسێکەم پێمیەوت:
سینگی من ئاوییە
یان چاوت پڕیەتی لە دۆزەخ!

«کڵاو»

درگاکە هەڕاکە
پێم ئەوت:
خانم گیان بێ زەحمەت
تا ئێرە شاعیرم
خیابان ئەمناسن
لەم کووچە بەرەوخوار
حەزتەکەم
لە خۆما هەر خۆمم

ژوورێکم گرتۆتە
تۆیش دەربەست
پێی ئەڵێم
گەیشتی درگاکە هەڕا کە
باوەڕ کەن من خەلاف نەهاتووم
تا پیاتا بوەستم
من ئەڵێم تۆ دەربەست
گەیشتی
بێ زەحمەت لە خۆتا پیادەم کە!

: دانیشم بە حرووفی خومەوە
یان گیرفانی کراسەکەم
لە نوونێکدا قووڵتر بشۆم
پێم ناڵێن «پرتەقاڵ کەی بە رەش ئەنوسرێ
ماسیگر لە کاتی گرتنا
دەنکێ ئاو نابینێ؟»
تۆ بیت و خوا

سێوەکان پێوە بە
شەوەکانم لێ هەڵپێکە
من لە ترسی ئەم بارانە
دەسماڵەکەم لە حەجمی شەڕەکان
بەرگەی ئەم هەموو قاڵاوە
چەن بگریم؟
لە وەسەتی دێڕێکا
وشەیەکم
بۆ ماڵێک
یان ئاسمانێک کە چەتری بێ
ئەگینا دەست لە هەناسەدا
هەناسە لە هەناسە
دا
ئەشۆرین.

■

لێرەوە تا مردن جگەرەیەکە
تا قاڵی و فەرماندە جگەرەیەک

«سه‌رباز!
کێو له کوێدا رووی دا؟»
باڵنده به خۆیا
فڕینی ته‌خت ئه‌چوو
ماسییه‌کان مه‌وازی ده‌گریان،
گه‌لاوێژ
باران و باڵنده به دیققه‌ت قاپ ئه‌نێ
کتوپڕ هه‌زار جۆر موسته‌تیل ئه‌ناسم
: ئه‌مه‌وێ پردم
: ئه‌مه‌وێ داربییه‌کی به‌شیدده‌ت مه‌وازیم
: ئه‌مه‌وێ سه‌رباز نیم!

ساعه‌ت دوانزه و
شیرێکی گه‌رم ئه‌مرم
ساعه‌ت پیاسه‌یه‌کی
یه‌ک دوو سێ و
تا ئه‌به‌د خواحافیز

من ئەمرم
لە گۆشەی حەرفێکا ماتڵم
پێم ئەڵێ
کە ڕەزام شکڵێکە تا ئەبەد ڕاکێشراو
ئەخوازم لە ناخیا نوغرۆ بم.

■

گەلاوێژ
-پێم وابێ بیناسن-
لە حافزەی پەنجەرەکاندا
لازمە
ئەوەندەیە
تەمایەرە
حەوسەڵەی گەلاوێژ لە دەستما تا ئەڕوا
«گەلاوێژ کڵاوێ خارجی لەسەرما
گەلاوێژ لیباسێ سەربازی لەبەرما
لە خەیاڵتا
شەوێک ئەبم بە بیابان

وەکوو شۆستە سەر ئەکەمە سەر خیابان»
خیابان، بە هەڵە رۆشت
پارک، بە هەڵە راوەستا
پەرت ئەکرێمە ناو خۆمەوە
ژنەکەم نایەوێ باوەڕ کا
من پڕم لە رەنگی لێژایی
ئەو چۆڵە لە دوو سێ سەرەو ژوورکە!

دایە!
بەکۆڵوانە کەتەوە گوڵ ئەڕوا
من ئەگریم
کاروانچی بەدنیاوە ئەشەلێ
یان روو ئەدا،
من ئەترسم
ئێوارەیەکم لێوە بئاڵێنە
خوا گەورەیە یان عەکسی تاقەکە سەیر ئەکەم
عەکسێ پڕە لە تۆ

قاپێ پڕە لە من
من لە تاقەکەدا دانێ
کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا
باوکم بەدەم ترسەکانییەوە
دەستی خۆی قورئانێک دەگریا
کەسێک ئەیوت
کاکەم بە دیوارەکەدا داکوترا
دایکم دنیا دەزریکێنێ
کۆڵوانەکەی پڕە لەکۆڵ
پشتوێنەکەی پڕ لە پاییز
قژەکانی ئەئاوا ئەگریا
ژنێک من ماچ ئەکا
پرسەکان رائەخرێن!

٢٠٠٤